
دانـراوی

**محەمەد عەلی قەرەداغی**

ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی

# ئەلبوومی کەشکۆڵ



٢٠٠٨

# پێشەکیی

لـە سـەردەمی پێشـوودا کـە گۆڤـار و ڕۆژنامـە نـەبوەو، کەرەسـتەی ڕاگەیاندنی گورج و خێرا لەئارادا نـەبوە و، زانایـان و ڕۆشـنبیرانیش هەمیشـە هەست و هزری ئەدەبی لە ناخیاندا هەژاوە و، ژانی ئەدەب شیعرو پەخشـانی جوان و دیمەنی ناسك و ڕازاوەی بەدی هێناوە و، هەرکەسـیش لەوانـە حـەزی کردوە جگەرگۆشەی بیری لە گوڵ کاڵتری پێ نەگوترێت. بۆ ئەم مەبەستەیش ئـەو زادەی بیرانـەیان لـە شـوێنی شـیاودا پاراسـتوە. هـەر لـەناو چـینی خوێندەوار و فەقێ و مەلای ئەو سەردەمەدا کەسانێك بوون ئەگەر خۆیشـیان توانای شیعروتنیان نەبووبێت و، نـەیانزانیبێ وشـەئارایی بکـەن و پەخشـانی جوان برازێننەوە، ئەوە هەستی ناسك و ئارەزووی گوێلێگرتن و خوێندنەوەی ئـەدەبی بـەرزو بـالآی کەسـانی دییـان بـووە. ئـالێرەوە کۆکردنـەوە و نووسینەوەی بەرهەمی شاعیران و مامۆستایان سەری هەڵداوە و، ئەو دەفتەر و کاغەزەی بـۆ نووسـینەوەی شـیعر و بابـەتی ئـەدەبیی ئامـادە کـراوە پێـی گوتراوە (کەشکۆڵ) و (بەیاض) .

دواتـریش نـاوەڕۆکی کەشـکۆڵ و بـەیاض لـق و چـڵی لـێ بوەتـەوە و بابەتگەلێکی دیکەی وەك: ڕووداوی مێژوویی و، کۆمەلأیەتیی و، پزیشکیی و، دەرمانسازیی... لەخۆ گرتووە و، ناوی کەشکۆڵ پڕ بەپێستی بووە.

من وای بۆ دەچم و وام داناوە کەشکۆڵ نەشرە ، بلأوکـراوەی بـێ وەرز و مەرز بووە و، دەنگی زولأڵی ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە بووە کە مامۆسـتایان و فەقێیانی حوجرە بوون.

بەڕێوەبەرانی ئەم بڵاوکراوانەیش بە گوێرەی هەست و خواست و هـزری خۆیان گەلێ جۆریان هەبووە. کەسانی وایـان هـەبووە بڵاوکراوەکـەی هـاوڕێی تەمەنی بووە و لێی جیانەبوەتەوە و، گـوڵی زۆر ناسـك و دانسـقەی باخچـەی ئـەدەب نـەبێت ڕێگـەی ئـەوەی نـەبووە لـە کەشـکۆڵ و نەشـرەکەیدا ئـۆقرە بگرێت. دەتوانین مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای مەریوانی بە شاسواری ئەم لایەنـە دابنێین، چونکە کەشکۆڵە ڕەنگینەکەی پتر لە چل سـاڵ هـاوڕێی شـەو و ڕۆژ و، ماڵ و سەفەری بووە و. بەو ماوە دورو درێژە ڕازاندوویەتیەوە.

وەك کەسـانی وایـش هـەبووە لـە چـەند ڕۆژێکـدا کەشـکۆڵ و زیاتریـان نووسیوەتەوە. مامۆستا نەجمەدین مەلایش تاقە سواری دیاری ئـەم بوارەیـە کە بە درێژایی تەمەنی کەشکۆڵنووسینەوە پیشەی بووە.

لەنێوانی ئەم و ئەویشدا کەسانێك هەبوون بە ماوەگەلی جیا ـ جیا و درێـژ و کورت کەشـکۆڵیان نووسـیوەتەوە و، یـان لای خۆیـان پاراسـتوویانە، یـان پێشکەشـیان کـردووە بـە هاوەڵانیـان. جگـە لـەوەی فـەقێیانێکیش هـەبوون لەسـەر داوای مامۆسـتایانیان و لەبـەر خۆشەویسـتییان بـۆ مامۆسـتایانیان کەشکۆڵیان بۆ نووسـیونەتەوە و پێشکەشـیان کـردوون و، گـەلێ جـار زۆر بـە ڕوونیی لە کۆتایی کەشکۆڵەکانەوە ناوی ئەو مامۆسـتایانەیان نووسـیوە کـە ئەو کارە گەورەیان بۆ ئەنجامداون.

لە پەنای ئەمانەیشدا کەسـانی ڕۆشـنبیر و هەستناسـك هـەبوون حـەزیان کـردووە کەشـکۆڵی ڕازاوە هـاوڕێی کـاتی تـەنیایی و، نموونـەی توحفـەی شاهانەی دیوەخان و مۆزەخانەیان بێت، ئەمانەیش لە شا و والیی و مـیرەوە بیگرە تا شێخ و کوێخا و مـەلا نموونـەیان هەیـەو زۆریشـە، ئـەم کەسـانە بـۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە گـەڕاون بـە شـوێن کەسـانی شارەزا و خەتخۆشـدا و،

کاغەز و مەرەکەبی باش و تایبەتییان بۆ دابین کردوون و، دوای ئەنجامدانی کارەکانیشیان خەلاتی شاهانە و کەمتریان وەرگرتووە. بەم نوسخانەیش گوتراوە (نوسخەی خەزائینی) واتە نوسخەی گەنجینەی تایبەتی.

لەتەك ئەم جۆرانەیشدا فەقێیان و رۆشنبیرانێك هەبوون بۆ خوێندن گەلێ شار و ولات گەڕاون و لەو سەردەمانەی پێشوویشدا مەرز و سنوور بۆ خوێندن و خوێندەوار نەبووە و، هەرکەس ویستبێتی بۆ هەر ولاتێك بڕوات تەنها توانا و لەبارابوونی خۆی مەرج بووە بۆ ئەوەی بۆ کوێ ئەیەوێ بچێت و فەقێی وا هەبووە بۆ خوێندن جێگە نەماوە نەگەڕێ و، لە ژیانی خوێندنیدا ئێران و تۆران گەڕاوە.

زۆربەی ئەو کەسانەیش کە ئاوا بوون خاوەنی هەستی ئەدەبی بوون و، حەزیان لە شیعرو ئەدەب بووە و، شیعریان کۆکردوەتەوە و، کەشکۆلیان نووسیوەتەوە و، لەو گەشت و گێلەیشیاندا کەشکۆلەکانیان هاوڕێیان بوون و، لەهەر باخچەیەك گولێك و، لەهەر کۆڕ و کۆمەلێکدا قەصیدە و پارچە شیعری ناسکیان دیبێ کەشکۆلەکەیان پێ ڕازاندوەتەوە. وەك بە ناوەرۆکی کەشکۆلەکانیان کەشکۆلگەلی دییان موتوربە کردووە و رۆشنبیرانی دیش لە باخچەی کەشکۆلی ئەوان سوودمەند بوون.

بۆیە دەلێین: کەشکۆلێ نەشرە ـ بلاوکراوە ـ ی بێ مەرزو وەرز بووە و، خاوەنەکەی سەفیری بێ حەصانەی دیبلوماسیی ئەدەب بووە و، ئەدەبی کوردیی بە هەموو سنووری کوردستاندا گەڕاندوە و گەیاندوە. هەر لەبەر ئەمەیشە کەشکۆلی وا دەبینین بە زاراوە جیا جیاکانی کوردیی شیعری تێدایە و، بەرهەمی شاعیرانی هەموو ناوچەکانی کوردستانی تێدا کۆکراوەتەوە و، خاوەنەکەی چەند شارو شارۆچکەی ولاتانی دوور لە زێدی

## بەڵگەی زیانی

## سامانی کەلەپوور

گەلێ جار کە بەڵگەی روون و حاشاهەڵنەگری زیانی گەورەی سامانی کەلەپووری ئەدەبیی و زانستیم دیوە ناچار لە نووسینەکانمدا بانگم لێ بەرز بوەتەوە و وتوومە: مەگەر هەر خودا بزانێ چ زیانێك لەو سامانە کەوتوە !

ئەم کتێبە - بەتایبەتی بەشی دوەمی - سوچێکی بەڵگەگەلی زیانی بابەتەکانی کەلەپووری ئەدەبیمان بۆ سەردەمێکی کەم (٢٠٠ - ٣٠٠) ساڵ لە ناوچەیەکی کوردستاندا بۆ دەردەخات، جا دەبێ زیانی ساڵەهای هەموو ناوچەکانی کوردستان چەند بووبێت؟!

لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی

هەولێر ٢٠٠٨